هیلیۆس

هاوکاری تێکەڵبون بە کۆمەڵگای یۆنانی بۆ سودمەندبوانی مافی پەنابەری

# ڕێنمایی و یاساکانی پرۆژە

Funded by the Asylum, Migration and Integration Fund of the European Union

IOM UN MIGRATION

ئەیلول2021 SEPTEMBER

هیلیۆس

Sorani Version

## هاوکاریکردن بۆ تێکەڵ بوون بە کۆمەڵگای یۆنانی بۆ ئەوانەی کە مافی پەنابەرتییان وەرگرتووە لە وولاتی یۆنان

HELIOS**(هیلیۆس)**بەرنامەکی بەیەکەوە بەستنو تێکەڵبوونە یامانجی ئەم بەرنامەیە پێشکەشکردنی هاوکری بۆ ئەوانەی کە **مافی پەنابەرێتیان وەرگرتووە**(وە ئەوانەش کە مافی پەنابەرێتی مرۆڤی(ئنسانی)یان وەرگرتووە **بۆتێکەڵ بوون بە کۆمەڵگای یونانی** ئەم بەرنامەیە کۆمەڵێك خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات لەوانە یارمەتیدان بۆ دامەزراندنی ژیانێکی سەربەخۆ دابین کردنی برە پارەیەك بۆ کرێی خانو وە وانەی بەیەکەوە بەستنو تێکەڵبوون پشگیری کردنو یارمەتیدان بۆ بە دەست هێنانی کار وە جاودێری کردنت لە نزیکەوە

(ئیلوس) پرۆژەیەکە کە سەربە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی پەنابەران(IOM)(اۆم) و هاوکارەکانیانکە هاوکاری دەکرێن لەلایەن حوکمەتی یونان و بەرێوبەری گشتی پەنابەران و کاروباری ناخۆی لیژنەی ئەورووپی

**ماوەی بەرنامەکە؛** ٢٠١٩/٦/١هەتا ٢٠٢١/٩/٣٠[1]

## مەرجەکانی سوودمەند بوون

بۆ ئەوەی بەژداربیت لە بەرنامەی HELIOS(هیلیۆس) بەپێی هەموو ئەم مەرجانەی خوارەوە دەبێت :

١.حاڵەتی یاسایی
بریاری ڕەسمی مافی پەنابەریت وەرگرتبێت لە دەزگای پەنابەرانەوە بۆ بەدەتسهێنانی مافی پەنابەری ( پەنابەری سیاسی یان پەنابەری مرۆڤی (ئینسانی)[2]

٢. بەرواری وەرگرتنی بریاری مافی پەنابەری
أ. ئەوانەی لە دووای ٢٠١٨/١/١وە ناسێندراوون
ب. ناساندن لەدوای ساڵی ٢٠١٧ وەبەبریاری ڕەسمی بۆ مافی مانەوە لەلایەن پرۆژە ڕەسمیەکانی مانەوەی حکومەتی یۆنانی و سیستەمی ناساندن کە لەدوای ساڵی ٢٠١٩ وە تەواو دەبێت

٣. مانەوە لەو ساتەوەی کە کە بریاری جوابی پەنابەریت وەرگرت
أ. لەو ساتەوەی کە بژدارئەبیت لەم بەرنامەیە ئە بێت بە شێوەیەکی فەرمی ناوت تۆمار کردبێت وە دانیشتووی یەکێك لە ئەم شونانەبیت؛لە کەمپەکراوەکان،لە کەمپەکانی سەر سنوور لەRIC(ریس)وە لە کەمپو ئوتێلەکانی FILOXENIA(فیلۆکسێنییا)ی سەر بە IOM(اۆم)وە ئەوانەی کە لە خانودانESTIA(ئیستیا)
ب.ئەوانەی کە لەژێر پرۆژە ڕەسمیەکانی پاراستنن و لەلایەن فەرمانگە یاساییە حکومیەکان و غەیرە حکومیەکانەوە پشتگیری دەکرێن وەکو حاڵەتی + LGBTQو قوربانیانی گێچەڵی سێکسی و قوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤەوە .

ئەو حاڵەتانەی کە مەرجەکانی سەرەوەیان تێدا نیەبەدواداچون دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی گونجاوترینلە کاتی سەردان یان پەیوەندیکردن یان هەر ڕێگایەکی تری پەیوەندیکردنبە کارمەندانی هیلیۆسەوە .

## بەژداری کردن

بۆ ئەوەی سودمەند بن لە پروژەی هیلیۆس پێویستە بەڵگەی ناونوسین و بەشداربونەکەتان ئیمزا بکەنکە کە تێدەگەن و ڕازین بەو ماف و بەرپرسیارێتیەی کە لە بەڵگەی بەشداربونەکەتاندا ئاماژەی پێکراوە بۆ دەستپێکردنی نوسین و بەشداریتان لە پرۆژەی هیلیۆس .

هەموو ئەندامێکی خێزانە هەڵبژێردراوەکە ئەبێ واژووی ناونوسینەکە بکات لەسر بەڵگەی بەشداربوون لە پرۆژەی هیلیۆس ، پێکهاتەی خێزان بەم مەرجانەی خوارەوە:

- ئەوانەی کە (١٨)ساڵن یاخود لە سەرووی (١٨ساڵ بەرەو سەرن)وە بەتەنیا ئەژین
خێزانێکی ئاسای کە بە یەکەوەن بێك هاتووە لە؛دایك باوك منداڵەکانیان کە پێکەوە دەژین وە خزمی پلە دوو پێک هاتووە لە خاڵ مام پوور ئامۆزا خوشکەزا برازاوە خزمی تر ئەمانە بە خێزان دانارێن
- ئەگەر خێزانێکی ئاسای منداڵی سەرو (١٨)هەبوو ئەبێت ناویان بەجیا بنوسرێت لە بەرنامەی (ئیلیوس)وە ئەگەر جوبێتنە ناو ژییانی هاوسەرگیرییەوە ئەمانە دەبێ بە خێزانێکی جیاتۆمار بکرێنو بناسێندرین .

---

[1]١ بۆ بردەوام بوون و درێژ کردنەوەی بەرنامەی ئیلیوس و پرۆژەکانی لە دووای ٢٠٢٠/١١/١وە پابەندە بە لایەبی دارابیەو

[2]٢وە ئەگەر خزمێکت هاتبێت وە بۆ وولاتی یەنان لە رێگەی (یەکگرتنەوەی خیزانی) ئەوە دەتوانیت بەژداری بکات لە بەرنامەی HELIOS(ئیلیوس)وە سودمەندبێتو ناوی تۆمار بکات بەڵام بە مەرجێك دەبێت ئەوانیش مافی پەنابەرێتیان وەرگرتبێت وە لە سەر خوواستی خۆیان بیانەوێت بژداربن

بەردەوامبونی هاوکاری پرۆژە پەیوەستە بە بەردەوامبونی پشتگیری دارایی لەدوای ۳۰ ی مانگی ۹ واتا سێپتێمبەرەوە.
کەسوکاری پەنابەران لەدوای وەرگرتنی مافی مانەوەیان لە وڵاتی یۆنان لەڕێگەی یەکگرتنەوەی خێزانیمافی ناونوسینیان هەیە لە پرۆژەی هیلیۆس .

ئەوانەی کە مافی بەشداربونیان هەیە لە پرۆژەی هیلیۆس ئاگادار دەکرێنەوە بۆ چاوپێکەوتن و بەشداریکردنبە مەبەستی ئەوەی زانیاری زیاتر لەسەر پرۆژە وەربگرن و ئەگەرویستیان ناونوسین بکەن لە پرۆژە دەتوانن بەڵگەی ناونوسین واژوو بکەنلە سەنتەری مانەوە ، سەنتەری ناساندنی سەرەتایی سەنتەری تێکەڵبون و فێرکاری کە لە چوارچێوەی پرۆژەی هیلیۆسدان ، ناونیشانی ئەم شوێنانە لەلایەن کارمەندانی هیلیۆس بڵاودەکرێنەوە ئەگەر پێویست بکات .

**ئەتوانم فۆرمی بەژداریکردن واژو بکەم وە لە دووایدا بریار بدەم وە پەشیمان ببمەوە لە بەرنامەی (ئیلیوس)**
**بەڵێ** واژو کردنی فۆرمی بەژداریکردن مانای بەستنەوەت نیە بەو پرۆژیە و هیچ زیانێکت پێناگەیەنێت وە لە هامان کاتدا زەمانی ئەوەدەکات کە بەژداربیت لە خزمەتگوزارییەکانی HELIOS(هیلیۆس) وەئەگەر بەمەوێت سوودمەندبم لە خزمەتگوزارییەکانی (ئیلیوس)HELIOSدەبێت ڕێجاوی هەموو ئەم خاڵانەی خووارەوە بم

**گرنگ! ماوەو کاتی ناو تۆمارکردن .** ئەوانە کە ئاگادار کراون وە وەڵامی مافی پەنابەرێتیان دراوەتەوە هەتا ۲۰۱۹/۱۲/۳۱ ئەوە ئەتوانن بەژداری بکەن وە ناو تۆماربکەن لەم برنامەیە هەتا ۲۰۲۰/۱۲/۳۱ وە هەروەها ئەوانە کە وەڵامی مافی پەنابەرێتیان وەرگتووە لە دووای ۲۰۲۰/۱/۱ ئەمانە ئەتوانن ناو تۆماربکەن وە بەژداری ئەم بەرنامەیە بکەن **تاکو ۱۲ مانگ لەدوای بریاری جوابی پەنابەریەکە** بۆ (نمونە ئەگەر وەڵامی مافی پەنابەریت وەرگرتووە لە مانگی ۲۰۲۰/۲/۱۱ئەوە مافی ئەوەت هەیە ناو تۆمار بکەیت وە بەژداری ئەم بەرنامەیە بکەیت هەتا ۲۰۲۱/۲/۱۱

## پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی ئیلیوس

### هاوکاری کردن بۆ بەدەسهێنانی ژیانێکی سەربەخۆ وە پێدانی کرێی خانوو

سودمەندبووانی بەرنامەی ئیلیوس زانیاری وەردەگرن هاوکاری دەکرێن وە کۆمەك دەکرێن بۆ بە دەسهێنانی ژیانێکی سەربەخۆ وە بتوانیت بە بێ هیچ هاریکارییەك خۆت بۆ خۆت بژیت . وە بەتایبەتی بەژداربووانی بەرنامەی هیلیۆس هاریکاری دەکرێن وە زانیاریان وەردەگرن هەتا بتوانن خانویەك بدۆزنەوە وە خانوە کە بخانە سەر ناوی خۆیان وە لە هەمان کاتا واژوی کرێبەستەکە لە گەڵ خاوەن ماڵدا بکەن وە هاریکاریو کار ئاسانیتان بۆ دەکرێت لە لایەن کارمەندانی ئیلیوس وە زانیاری گشتیتان پێدەدرێت وە پانگێشت دەکرێن کە چۆن بتوانن خانویەك لە وڵاتی یونان بدۆزنەوە وە بیگرن بە کرێ

- بانگێژ دەکرێن وە زانیاریتان پێدەدرێت بە شێوەئەکی گشتی سەبارەت بەوەی کە چۆن بتووانن خانویەك لە وڵاتی یونان بدۆزنەوە .
- وەرگێر دابین دەکرێت لە کاتی ڕۆشتنت بۆ سەیرکردنی خانو دۆزینەوە وە زانیاری گشتیت پێدەوترێتوە ڕوون کردنەوەی هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە بۆ خانو گرتن پێوویستە .
- وە یارمەتیو هاوکاری دەکرێیت لە کاتی تەلەفون کردن بۆ ئەو خاوەن ماڵانەی کە دەیانەوێت خانووەکەیان بدەن بە کرێ بە ئێوە
- وە لە گەڵ هەموو ئەو خاوەن ماڵانەدا کە دەیانەوێت خانویان هەیە وە دەیانەوێت بیدەن بە کرێ
- وە لەخۆگرتنو وە گوواستنەوەی هەموو ئەو کاڵاو شتو مەکانەی کە هەتە لە شوێنی نیشتەجێبوونتەوە بۆ ئەو خانووەی کە دیگریت بە کرێ

خانووەکە تۆ خۆت بریار دەدەیت لە گاڵ خاوەن ماڵەکەدا کە گرێبەستەکە بۆ ماوەی چەنێك بێت (بۆ نموونە گرێبەستێك دەتوانرێت واژو بکرێت بۆ ساڵێك بۆ دوو ساڵ یاخود بۆ سێ ساڵ ئەمە پەیوەندی بە خودی خۆتو خاوەن ماڵەکەوە هەیە بەڵام لە بەرنامەی HELIOSهیلیۆس فۆرمی گرێبەستی واژو کراو لە (٦) مانگ زیاتر وەردەگیرێت وە سودمەندبووانی پەرنامەی HELIOSئیلیوس ئەتوانن خزمێك یاخود ناسراوێك یان برادەرێکت هەبوو ئەوە دەتوانیت بیکەیت بە هاونشینی خۆت وە باشترە وە یارمەتیت دەدات لە کریی خانو وە لە هەموو خەرجیەکای تر بۆ پێداویسی ماڵ؛**بۆ ئەوەیکە بتوانی کرێی خانو وەربگریت ئەبێت فۆرمی گرێبەستی واژو کراوی خانووەکە لە سەر ناوە سەرپەرشتیاری خێزان وە ئەوانەش کە لە سەروو ١٨ ساڵن ئەبێت ناویان لە سەر گرێبەستەکە هەبێت وە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە برۆیتە ناو سایتی (Taxisnet)AAΔEتاکسیسنێتو ڕەزامەندی وەربگریت وە کۆپییەك بەرگێکی لێدەربکەیت .**

هەر بەشداربوویەک پێشوتر کرێی خانوی بۆ سەرفکرابێت یاخود ئێستا بیدرێتێ لە لایەن هەر ڕێکخراوێکی ترەوە بێت ئەوە ناتوانێت لە بەرنامەی ئیلیوسHELIOS کرێی مانگانەی بۆ بۆ دابین بکرێت

**ئایا ئەتووانم ئەو فۆرمەی کە بەژداری بوونم دەردەخات بە خاوەن ماڵەکە پشانبدەم لە بەر ئەوەی کە هاریکاریو کار ئاسانیم بۆ بکات بۆ گرێبەستی بۆ واژو کردنی گرێبەستی خانووەکە**

بەڵێ.ئەتووانیت فۆرمی بەژداریکردنت بەرنامەکە پشانی خاوەن ماڵەکە بدەیت لە هەمان کاتدا دەبێت خاوەن ماڵەکە تێبگەیەنیت کە بەژداریت وە کۆمەك دەکرییت بە بڕە پارەیەك کە دەخرێتە ناو حسبی بانکەکەتەوە کە بەم بڕە پارەیە ئەتوانن خانووەکە بە کرێ بگرن وە هاریکاریت بکات تا واژوی گرێبەستەکەی بکەیت ئەگەر خاوەن ماڵەکە ڕەزامەند بێت

وە لە دووای واژوکردنی گرێبەستەکە کە دەیخەنە سەر ناوی خۆتان،سوودمەندبووان ئەو بڕە پارەیە کە دانراوە بۆ کرێی خانو دەچێتە ناو حساب بانکەکەتانەوە .وەرگرتنی کرێی مانگانەی خانو پێك هاتون لەمانە

- **بڕی هاریکاری و دەسپێکردنی ژیانێکی سەربەخۆ**، بڕە پارەیەك(سەیری جەدۆلی ١ بکە)هەر وەك جۆن ڕوون کراوەتەوە لە خشتەی ١ بڕە پارەیەك دابین دەکرێت مانگانە بۆ کرێی خانو وە لە هەمان کاتدا تەنها بۆ (١) یەك جار بڕە پارەیەک دەدرێت کە ئەمە بۆ دابین کردنی پێشەکی خانو یاخود (بۆ نمونە شتەمەك و بێداویستیەکانی ناو ماڵ)
- **بڕی هاریکاری کرێی مانگانە**،جەند بڕە پارەیەك (سەیری جەدۆلی ١ بکە)هە وەك جۆن ڕون کراوەتەوەلە خشتەی ١ جەند بڕە پارەیەك دابین دەکرێت بۆ کرێی خانو وە بۆ کرێی یاە کارەبا وە جەند پێداویستییەکی تر

بڕەکان بە پێی قەبارەی خێزانەکان دەگۆڕێن هەر وەك ئامەژەی پێکراوە لە لەوحەی خوارەوە ؛

جەدۆلی ١

| قەبارەی خێزان | پێکهاتووە لەکۆی هاکاری ئێمە بۆ سەرەخۆبون و مانگی یەکەمی نیشتەجێبوون | کە پێکهاتوە لە بڕێک کۆمەک بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی سەربەخۆ | بڕی هاوکاری کرێی خانو |
|---|---|---|---|
| | لەدوای دڵنیابوون لە دەرچونتان لە شوێنێ مانەوەی پێشووتان و پیشاندانی بەڵگەی یەکەمی کرێی خاوو | ئازاد بوون دوای پێشکەش کردنی گرێبەستی خانوو و بەڵگەی تر | پارەی مانگانە |
| 1 | 301 € | 301 € | 162 € |
| 2 | 569.5 € | 569.5 € | 309 € |
| 3 | 688 € | 688 € | 396 € |
| 4بۆ5 | 838 € | 838 € | 504 € |
| +6 | 1.060€ | 1.060 € | 630 € |

**سودمەنبووانی بەرنامەی** هیلیۆس **مافی خۆیانە لایەنی کەم کرێی خانو وەربگرن بۆ (٦) مانگ وە بە شێوەیەکی گشتی بۆ (١٢) مانگ.** ئەمە بە پێی ئەو بەرواری کە مافی پەنابەرێتیت وەرگرتووە وە هەروەها بە پێی ئەو بەرروارەی کە هەموو بەڵگەنامەیەکی پێویست پێشکەش بە بەرنامەکە دەکەیت[3]. مەبەست لەمە ئەوەیە هەتا زوو هەموو پەڵگەنامەیەکی پێویست پێشکەش بکەیت ئەوە زیاتر کرێی مانگانەت پێدەدرێت[4].وە لە هەمان کاتدا هەر سوودمەندێك کە مافی بەنابەری وەرگرتووە بێت و لە دووای (شەش )مانگ هەموو بەڵگە نامەیەکی پێویست پێشکەش بکان ئەوە تەنها مافی (٦) مانگ هەیە کە کریی خانو وەربگرێت .

ئەو سودمەندبووانەی کە لە دووای بەرواری **٢٠٢٠/١/١** مافی خۆیانە کە **١٢ مانگ** کرێیان بۆ خەرج بکرێت لە یەکەم ڕۆژی وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی وە پێشکەشکردنی هەموو بەڵگەنامەکی پێویست. وە هەروەها ئەو سودمەند بووانەی کە لە بەرواری**٢٠١٩/١٢/٣١**بە پەنابەر ناسراون بە تێپەڕاندنی ئەم ماوە دیاری کراوە **٢٠٢١/٤/٣٠**ئەوە سودمەندبووان بە هیچ شێوەیەك مافی وەرگرتنی کرێی خانەیان نابیت

---

[3]لەکاتێکدا بە پێی ئەو بەروارەی کە گرێبەستەکەت واژو کردووە وە ئەم بەروارە جیاوازە لە گەڵ ئەو ڕۆژە کە هەموو بەڵگەکان پێشکەش دە کەیت لە دووای ئەو بەروارەوە کرێ وەردەگریت وە کرێی مانگانە بۆ خەرج دەکرێت

[4]بۆ نمونە ؛ئەگەر سوودمەندێك هەموو بەڵگەنامەیەکی پێویست پێشکەش بە کارمەندانی ئیلیوس بکات (٢) مانگ دووای وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی ئەوە بۆ ماوە (١٠) مانگ کرێی خانەی بۆ خەرج دەکرێت

HELIOS

IOM UN MIGRATION

Funded by the Asylum, Migration and Integration Fund of the European Union

<u>بۆ ئەوەی سودمەندبووان کرێی خانو وەربگرن ،ئەبێت **هەموو** ئەم خاڵانەی خوارەوەیان هەبێت</u>

١.ناو تۆمار کردن لە ئیلیوس وە فۆڕمی بەژداریکردن واژو بکەیت

٢.وە پێشکەشکردنی هەموو ئەم خاڵانەی خوارەوە بە ئیلیوس

ا )دەبێت لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە گرێبەستی خانووەکە لە (Taxisnet) تاکسیسنێت کە ئەمە سایتێکی گشتی (ΑΑΔΕ)لێرەوە دەربیخەیت بیسەلمێنیت بە شێوەکی گشتی کە تۆ **قبووڵت کردووە کە ڕەزامەندیت -** ؛ وە هەروەها گرێبەستی خانوو دەبیت لایەنی کەم بۆ (٦)مانگ سەروونر بێتومردەگیرێت

ب)بۆ هەموو ئاندامانی خێزانێاك؛بەڵگەیەك کە پشانی بدات کە خاوەنی مافی پەنابەریت تان بەتایبەتی (ۆزفایزی کە مۆری لە سەر بێت)کە ئەمە (ΕκκρεμείΈκδοσιΆδειαςΔιαμονής)نوسراوە وە ئەم نوسراوە ئەیسەلمێنێت کە وەڵامی مافی پەنایەریت دراوەتەوە ؛

ت)پێشکەشکردنی بەڵگەنامەك کە دەری بخات حساپ بانکەکە لە سەر ناوی خۆتە وە بانکێك بێت لە یونان هەر وەك دیارە لەم ڕێگەیەوە ئەو برەپارەیە کە بۆ کرێی خانو دانراوە وەری دەگریت ؛ ئەو بڵگە نامەیە دەبێت حسابی بانکەکەت دەربخات (IBAN)ئای بان )وە ناوی هەموو سەرپەرشتیاری خێزانێك وە هەموو ئەندامانی خێزانێك کە لە سەروی ١٨ ساڵەوەن دیاربێت .ئەگەر کارتی ئیستیات (ΕΣΤΙΑ)هەبێت بۆ هاوکاری کاش **ناتوانریت** بەکار بهێنریت بۆ وەرگرتنی کرێی مانگانە.

س) پێشکەش کردنی بەڵگەنامەك کە بە ڕونی حساب بانکی ئای بان (IBAN) ئای بان )خاوەن خانو تێدا بێت

**<u>گرنگە کە بزانیت</u> ؛کاتێك لە گەڵ وەرگرتنی یەکەم کرێی مانگانە ئەبێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە شوێنی نیشتەجێبوونت وە میوانداریێتیت بڕۆیت هەتا ماڵەکەت دەگووازیتەوە بۆ ئەو خانووە تازەیە کە گرتوتە بە کرێ بە هاوکاری بەرنامەی ئیلیەس وە بە پێچەوانەوە لە گەڵ وەرگرتنی یەکەم کرێی خانەوەکەت ئەگەر شوێنی نیشتەجێبوونت بەجێنەهێڵیت نەڕۆیت بۆ ئەو خانووە تازەی کە گرتووتە بە هاریکاری بەرنامەی هیلیۆس(HELIOS) ئەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەموو ماڤێکت لێ وەردەگیرێتەوە وە ناشتوانی جارێکی تر ناو لەم بەرنامەیە تۆمار بکەیتەوە**

<u>وەرگرتنی قستی دووەمی کرێی خانوو پەیوستە بە :</u>

١.بەڵگەی ڕەسمی دەرچوون لە شوێنی مانەوەی پێشوتر کە لەلایەن کەسی تایبەتی ئەو شوێنەی کە پێشتر لیبوون و پێشکەشکردنی بە کارمەندانی هێڵی هاوکاری پرۆژەی هیلیۆس ..

٢.گەیشتن و دیاربوونی خێزانەکە بە شوێنی بەکرێگرتووی تازە یان خانووە تازەکە .

٣. وەسڵی ڕەسمی بانک کە دانی کرێی خڵوو بسەلمێنێت بە خاوەنی خانووەکە واتا کرێی یەکەمی خانوو .

ئەگەر لە حاڵەتێکدا بەرواری دەستپێکردنی کرێی خانوو لەدوای بەرواری پێشکەشکردنی بەڵگەکان بوو ئەوا بەرواری پێشکەشکردنی بەڵگەکان ئەژمار دەکرێت وەکو دەستپێکی کرێی مانگانەکان .

بۆ نموونە ئەگەر بەشداربوو دوو مانگ دووای وەرگرتنی جوابی پەنابەری بەڵگەکانی کرێ خانوو پێشکەش بکات بە کارمەندانی هیلیۆس ئەوا هاوکاری کرێی مانگانە بۆ ماوەی ١٠ مانگ وەردەگرێت .

بۆ وەرگرتنی کرێی خانوو ئەبێ بەشداربوان ئەمانەی خوارەوە بکەن :

١.ئەبێت بسەلمێندرێت کە کرێی خانوو دراوە بە خاوەنی خانوو لەڕێگەی بانقەوە وەکو :

أ) سەلماندنی وەسڵی پارەدان لەڕێگەی کارمەندی بانقەوە بە ئاماژە پێدانی ناوو نازناوی بەشداربوو و ناوو نازناوی خاوەنی خانوو وو ژمارەی گرێبەستی خانووەکە .

ب) لەحاڵەتی دانی کرێی خانوو لەڕێگەی ئەلکترۆنیەوە ئەوا دەبێت ناوو نازناوی خاوەنی خانوو و ژمارەی گرێبەستەکە دیار بێت .

٢.بەشداریکردن لە وانە ئیجباریەکانی تێکەڵبون بە شێوەیەکی ئاسای بە مەرجێك غیابەکا نە چنە سەروی ئەو ماوە دیاری کراوەی کە بۆی دانراوە بۆ ئەگەر پێویست بکات .

٣.بوونی گرێبەستی کرێی خانوو کە بەسەر نەچووبێت .

ئەو سودمەنبووانی کە وەسڵ پسوڵەی کرێی خانو پێشکەش بە کارمەندانی بەرنامەی هیلیۆس ناکەن مانگانە ئەوە لە هەمان کاتدا بە شێوەکی ڕاستەخۆ مافی وەرگرتنی کرێی خانوت نامێنێت .

**<u>گرنگە کە بزانیت</u>؛ناتوانیت کرێی خانو بدەیت بە خاوەن ماڵەکە بە دەستی (کاش)**

ئای ئۆ ئێم مافی ئەوەی هەیە سەردان ڕێکبخات بۆ شوێنی نیشتەجێبوون و دەستتێوەردان بکات لە برینی هاوکاری دارایی نیشتەجێبوون لە هەرکات و ساتێکی بەشداربونمان لە پرۆژەکەدا کە داواکاریە بەدواداچونە ناوخۆییەکان جێبەجێناکرێن

---

## لەخۆگرتنی وانەکانی تێکەڵبون

لە بەرنامەی (هیلیۆس)وانە ئیجباریەکانی تێکەڵبوندەگوترێنەوە لە جەند بنکەیەکی جیاواز لە هەموو وڵاتی یونان لە کریتی تەواو بونی وانەی تێکەڵبون پێکهاتووە لە (٣٦٠) کاتژمێر وە ئەم وانانە دەخوێندرێن بۆ ماوەی **شەش (٦) مانگ** وە سودمەندبوان لە ڕۆژێکدا (٣) کاتژمێرە دەخوێنن وە (٥) ڕۆژە لە هەفتەیەکدا.وە هەروە ها بنکەکانی وانەخوندنو تێکەڵبوون کراوەن بۆ ئەوانەی کە لە سەرووی ١٦ ساڵەوەن کە ناویان تۆمار کردووە لە بەرنامەی هیلیۆسوە وانە خوێندن ئجبارییە بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە کرێی مانگانەی خانە وەردەگرن

بۆ ئەوەی کە ئەو خێزانانەی وانە دەخوێنن هیچ کێشەو گرفتێکیان توشنەبێت وە ئاگاتان لە منداڵەکانتان بێت بە پێی پێویست ئەوە لە بنکەی وانە خوێندنو تێکەڵبون وانەکان کراون بە (٣) بەشەوە بەیانیان یان نیوەڕوان وە ئێواران وە شوێنی تایبەتی هەیە وە ئامادە کراوە بۆ ئەو منداڵانەی کە لە تەمەنی ٢ تا ٦یان ٧ ساڵان لە ئەو کاتەدا کە دایکو باوك وانە دەخونن

بە تایبەت وانەکانی تێکەڵ بوون بێك هاتووە لەم بەشانەی خوارەوە :

- **بەشی زمانی یونانی:**بە شێوەیەکی گشتی :بە شێوەیەکی گشتی ٢٨٠ کاتژمێرە:سودمەندبوان فێری بنەما سەرەکییەکانی زمانی یونانی دەکرێن لە لایەن فێرکارەوە بە بێ بوونی هیچ وەرگێڕێك وە پۆلەکان ڕێك خراون بەگوێرەی ئاستی خوندەواری وە ئاستی سودمەندبووان
- **بەشی زانیاریە گشتیەکان:**بۆ ماوەی ٨٠ کاتژمێر:سودمەندبووان بەژداری کۆمەڵێك کۆس دەکەن کە پەیوەندی بە کلتورو شێوازی ژیان و ئیشەوە هەیە وە ئامادەکاریەکان لە لایەن مامۆستای بە ئەزمونەوە بە ئامادەبونی وەرگێڕ.جالاکی دەرەوە لە خۆ دەگرێت (بۆنمونە.سەردانی کردنی مۆزەخانەکان)ئەمە بەشێکە لە وانەکان .ئەمە دەرفەتی ئەوە بە سودمەندبووان دەدات لە بووارە جیا جیا کاندا سودی لێ ببینن: بەشەکان لە ئەمانەی خووارەوە پێك هاتووە
  - ئاراستە کلتورییەکان:تیۆرەکانی پەیوەست بە کلتوری یونانیەوە،وە مێژو،نەریتی هاوجەرخ و کۆن
  - لێهاتوی ژیان:وانەکان تایبەت کراون بە گەشەدان بە تواناکانی پەیوەندی کردن و هاوکاری کەسانی تر،بەرپرسیارێتی خودی خۆت و کۆمەڵگا،بابەتە گرنگو پێویستەکانی ژیانی ڕۆژانی سودمەند بووان لە وڵاتی یونان (بۆ نمونە.جۆنێتی بەکارهێنانی هۆکارەکانی گوواستنەوە،جۆنێتی دروستکردنی حساب هەژماری بانکی وە بۆ هەر پێویستیەك کە سەردانی دامو دەزگا گشتیەکان بکەیت
  - ئامادە کاری بۆ ئیش و کار:زانیاری وەرگرتن سەبارەت بە جۆنێتی گەڕان بۆ ئیش و کار لە سەرجاوە جیاوازەکان،وە کو دەزگای ئیش و کار دۆزینەوە (OAEΔ)لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ،وە ڕۆژنامەکانەوە،وە هەروەها ئامادەکردن و زانیاری سەبارەت بە (**نمونە:**جۆنێتی دروسکردنی سیفیوە ڕۆژی جاوپێکەوتن بۆ ئیش و کار)بەهرەکان و توانای پەیوەندی کردنی خارەکی ،وە جارەسەرکردنی کێشەکان وە کارکردن بە کۆمەڵ و تووانا کەسیەکان.

**ئەگەر هەموو وانەکانم تەواو کرد بروانامەی زمانی یونانی پێدەدرێت تا ئەو ڕادەی کە فێر بووم**
بەپێی ئاستی خۆت مامۆستاکەت تواناکانت هەڵ ئەسەنگێنێت وە ئەتنێرێت بۆ جەند تاقی کردنەوەیەکی ڕەسمی بۆ بە دست هێنانی بڕوانامە لە زمانی یونانیدا تێجوی تاقیکردنەوەکە لە لایەن بەرنامەکەوە دابین دەکرێت

<u>بۆ ئەوەی کە ناو تۆمار بکەن لە وانەی تێکەڵبونو بەیەکەوەبەستنەوە ئەبێت **هەموو** ئەم خاڵانەی خوارەوەت تێدابێت</u>

١.ناوی خۆت تۆمار بکەیت وە فۆرمی بەژداریکردن واژو بکەیت
٢.لە سەرو ١٦ ساڵەوە بیت

بەژداریکردن لە وانەکانی تێکەڵبون **ئیجباریە** بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەموو سودمەندێك کە بەژداری دەکان هەروەك ئامەژەی پێکراوە لە سەرەوە **جگە لە ئەو** بەشداربووانەی کە ئاماژەی پێدەکەین لەم خاڵانەی خوارەوە کە ئەتوانن **بەژداری نەکەن**

١.ئەو ژنانەی کە دووگیانن لە سەرو ٧ مانگەوەیە وە شەش مانگ دووای منداڵبون
٢.ئەو سودمەندبوانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن/یان نەخۆشی قورس
٣.ئەو سودمەندبوانەی کە لە سەرو ٦٥ساڵن
٤.ئەو سودمەندبوانەی کە لە قوتابخانەن (بۆ نمونە.لە قوتابخانەبیت بە شێوەیەکی یاسای یاخود لە زانکۆ بیت .

ئەو سوودمەندبووانی کە ناتوانن بە پێی بێویست وانەکانی خوێندن و تێکەڵبوون بخوێنن ئەوە دەتوانن لە رێگەی ئینتەرنێتەوە سایتێکی تایبەت بەژداری بکەن:

١.ئەو بەشداربووانەی کە شوێنی مانەوەیان ڕێگرە لە هاتنیان بۆ شوێنی کۆرسەکان بۆ نموونە مەودای هاتن و چون ئەگەر لە سەعاتێک زیاتر بێت و ئامێرەکانی گواستنەی نەبێت .
٢.ئەو بەشداربوانەی کە بەهۆی ئیلتیزاماتی ئیشکردنەوە ناتوانن بەشداری لە کۆرسەکان بکەن .
لە حاڵەتێکدا کە ئافرەت لەدوای منداڵبوون لەسەرووی ٦ مانگیەوە تاکو دەبێت بە ٣ ساڵ دوو ئیختیاری پێشکەش دەکرێت یان بەشداری کۆرسەکان بکات لە نزیکەوە یان لەڕێی ئینتەرنێتەوە .

**گرنگە کە بزانیت:**ئەو سودمەندبووانەی کە کرێی خانو وەردەگرن ئەبێت وە پێویستە خۆیان ئامادەبن لە بنکەکانی وانەخوێندن و تێکەڵبوون لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا ڕۆژەکانی دەوام واتا بێ شەممە و یەک شەممە و پسوی ڕەسمی لە گەڵ وەرگرتنی دووەم قستی کرێی خانو بۆ ئەوەی ناوی خۆیان بۆ وانە خوێندن تۆمار بکەن وە لەهامان کاتدا ئەگەر سودمەندبووان گوێڕایەڵی بنەماکانی بەرنامەی هیلیۆس نەبن **ئەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێبەش ئەبن لە بروژەکانی بەرنامەی** هیلیۆس**(HELIOS)**.
ئەگەر بەشداڕبوو لە بنکەی کۆرسەکان ئامادەبوو ئاوا تاقیکردنەوەیەکیان پێ دەکرێت بۆ دیاریکردنی ئاستی سودمەندبووان وە دانانیان لەو پۆل و بەشانەی کە لەگەڵ ئاستی خۆیاندا ئەگونجێت.
سودمەندان مافی ئەوەیان هەیە هەندێ غیاباتی بێ هۆکاریان هەبێت یان بەهۆی هۆکارێکەوە غیاب بن، مافی ئەوەیان هەیە ٧٢ کاتژمێر غیاب بن بەڵام بێ هۆکار تەنیا دەتوانن ٣٦ کاتژمێر غیاب بن
ئەو سودمەندانەی کە لەوانەکانی تێکەڵبوون ئامادە نەبن وزیاتر لە **٧٢ کاتژمێر**بە هۆکاری وەکوداخل بوون لە نەخۆشخانە ئەوا لەو کاتەدا دەتوان دووبارە ناوی خۆیان بنوسنەوە بەڵام لەم حاڵەتەدا کارمەندانی پرۆژەی هیلیۆس هەڵدەستن بە دووبارە ناونوسینەوە ئەگەر بەشداربوو دەتوانێ دووبارە بەشداری بکات لە کۆرسەکان یان ئەگەر بتوانناونوس بکرێنەوە لەو پۆلانەی کە لەوکاتەدا دەرس دەخوێنن بۆئەوەی دووبارە سودمەند بن لە هاوکاریەکانی پرۆژە .

**جی ئەبێت بە تێپەڕاندنی ئەو ماوە دیاری کراوەی کە بۆم دانوە**
بە شێوەیەکی گشتی ئەو سودمەندبووانی کە (٧٢ کاتژمێر لە ٦ مانگدا ) وە ئامادە نەبوون (٦ کاتژمێر لە مانگێکدا) ئەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخو بێبەشئەبن لە هەموو هاریکاریەکانی بەرنامەی هیلیوس(HELIOS).وە هەروەها خێزانەکان ئەکەر هەر ئەدامێك لە ناو خێزانێکدا ئامادە نەبێت بە پێی ئەو ماوە دیاری کراوەی کە دانراوە ئەوە بە شێوەیەکی تاکەکەسی بێبەش ئەبێت لە هەموو هاریکاریەکانی ئەم بەرنامەیە وە لە هەمان کاتدا مافی وەرگرتنی کرێی خانووی نامێنێت وە هەر ئەندامێکی نا و خێزان ئامادە نەبێت وە بە تێپەڕاندنی ئەو ماوە دیاری کراوە ئەوە ئەو بڕە پارەیە لە خێزانەکە ئەبڕدرێت

## کۆبونەوە بۆ ڕاوێژی ئیشکردن و ئەو چالاکیانەی پەیوەستنبەکارکردنەوە

ئەو سوودمەندبووانی ناویان تۆمارکردووە لە بەرنامەی هیلیۆس(HELIOS)ئەم هەلەیان هەیە لەم خزمەت گوزاریە کەڵک وەربگرن .وە هاریکاری بکرێن وە فێری ئەوە بن کە جۆن بەدووای هەلی کاردا بگەرێن لە بازاڕی کاری یونان زانیاری زیاتریان دەست بکەوێ دەرباری پرۆفایلی کاری خۆیانەوە .لەم جووارجێوەیەدا .ئەم دەرفەتە ئەخرێتە بەردەستی سوودمەندبووابی بەرنامەی هیلیۆس(HELIOS)وە کۆبوونەوەو جاو بێکەوتنتان لە گەڵ ئەنجام دەدرێت (٥) جار بە شێوەی تاکە کەسی لە گەڵ بسپۆڕانی بوواریئیش کار بۆ کێشانی نەخشە ڕێگایەك بۆ گەشە سەندن لە بوواری ئیش و کار وە هەموو جارێك نزیکەی(١) کاتژمێری پێدەجێت لەم کاتژمێرەدا لە لایەن پسپۆڕانی بوواری کارەوە سوودمەندبووان هەڵدەسەنگێنرێین بۆ ئەوەی بۆ هەلێکی کار زانیاری وەر بگرین بە گووێرەی تووااناکانی خۆیان.

Funded by the Asylum, Migration and Integration Fund of the European Union

کۆبەنەوەکان بە شێوەیەکی تاکە کەس دەکرێت لە سەنتەرەکانی تێکەڵبون یان لەرێگەی پەیوەندیکردنەوە و ماوەو کاتی تایبەتی بۆ دائەنرێت بۆ جاوبێکەوتن وە ئەم کۆبوونەوانە بە شێوەیەکی گشتی ئیجباریە ئەگەر تەنیا کۆبونەوەیەکیش بێت و ئەتوانن کەڵکی لێ وەربگرن بۆ جەند جالاکییەکو هەلی کار دۆزینەوە وە هەروەها هەر سوودمەندێك شارەزایی لە کارێکدا هەبێت بۆ نموونە(مۆڵەتی شۆفێری هەبێت یاخوود شەهادەی ئینتەرنێت (ESDL)یاخود زانینی زمانێکی جیاواز )وە ئەمانە ئەتوانن لە لایەن بەرنامەکەوە بشتڕاست بکرێنەوە .وە هەلی کاریان زیاتر بێت وە بۆ هەر خەرجیەك کە بەیوەندی بە گەڕان بە دووای کاردا وە هەربەڵگەنامەك بێت بۆ نموونە (وەرگێرانی شەهادە یاخود هەربەڵگەنامەکی خەستەخانە ) بەرنامەی هیلیۆس(HELIOS) ئەمانە هەمووی لە ئەستۆی خۆ دەگرێت وە لە لایەن کارمەندانی بەرنامەی هیلیۆسەوە ئەناسرێن ئەو بەڵگانە. وە هەڵبژاردنی سوودمەندبووان لەکاتی کۆبوونەکاندا ئەبیت لە لایەن پسپۆڕانی بوواری ئیش وکارەوەبێت بۆ بەشداریکردن لە بەدەستهێنانی ئەم خزمەتە .

**ئایا کارمەندانی ئیلیوس ئیش کار بۆ من ئەدۆزنەوە؟**
نەخێر.بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە کارمەندای بەرنامەی هیلیوس هاریکاری پێشکەش ئەکات وە کارئاسانیت بۆ دەکات بۆ تێکەڵبون کار دۆزینەوە وە ئەمەش یارمەتیم ئەدات کە جۆن بگەڕێم بە دووای ئیش کاردا لە وڵاتی یونان

بۆ ئەوەی سودمەندبن لە و خزمەتانەی کە پەیوەستن بە ئیشوکارەوە دەبێت ناونوس کرابن لە پڕۆژەی هیلیۆس و بەڵگەی ناونوسینەکەتان ئیمزا کردبێت .

---

## کۆبوونەوە بۆ تێکەڵبون بە کۆمەڵگا

سوودمەندبووانی بەرنامەی هیلیۆس(HELIOS) لە لایەن کارمەندانی پسپۆڕانی تایبەتە و وەرگیراوە هاریکاری دەکرێن ، بۆ ئەو ماوە دیاری کراوە کە بەژدار ئەبیت لەم بەرنامەیەدا ئەمانە هەموو هاریکاری و زانیاریەك کە بە ئێوە دەدرێت بۆ یارمەتیدانتان وە نەخشە ڕێگەیەك بۆ تێکەڵبوونتان بە کۆمەڵگا لە ستۆیان گرتووە .وە لەم ماوە دیاری کراوەدا سوودمەندبووان کرێبەستنیان کە کۆمەڵگاوە زنیارییان بەگشتی پیدەدرێت کە جۆن بتوانن خۆیان دووای تەوواوبونیان لە بەرنامەکە هەڵسن بە ئیش و کاری خۆیان لە شووێنە حوکمیەکان وە شارەزابوونیان لەم بووارانەدا . بە شیوەیەکی گشتی بۆ تێکەڵبوونیان بە کۆمەڵگا لە دووای دابڕانیان لە ئەم بەرنامەیە ئامادەکرابێتن

بەتایبەت،لە لایەن کارمەندان و پسپۆڕانی ئە بەرنامەیە بانگێژ دەکرێن جاوپێکەوتدنتان لە گەڵ دەکەن بۆ ئەوەی بۆ تێکەڵبوونتان بە کۆمەڵگا جەند هەڵسەنگاندنێکی بۆ بکرێت وە تا جڕادەیەك بەیوەستبوون بە کۆمەڵگاوە .وە لە هەمانکاتدا ریگەجارەتان بۆ دەدۆزرێتەوە لە کێشەکانی ڕۆژانە تایبەت بە کۆمەڵگا وە هەروەها سوودمەندبووان داوایان لێ دەکرێت کە وتووێژ بکەن کە تا چ ڕادەیەك هاریکاریەکانی هیلیۆس (HELIOS) یاریدەدەررە بۆیان ،وە بانگێژ دەکرێن بۆئەوەی گفتوگۆیان لە گەڵدا بکرێت تا ئاستی وانەکانیان بزانرێت وە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت لەبەر ئەوەی پاش ماوەی دیاریکراوی بەرنامەکە بە شێوەکی سەربەخۆ بژین .

**ئایا کارمەندانی ئەم پەرنامەیە لە گەڵ من دێن ئەگەر ئیش کارێکم هەبێت لە دزگایەکی حوکمی**
نەخێر. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە کارمەندەکانمان هەموو زانیارییەکی تایبەت کە پەیوەندی هەبێت بە دزگا حوکمییەکانی یونانەوە پێتان ئەدرێت وە پێشکەشتانی ئەکەن

چاوپێکەوتنی بەشداربوان لە لایەن کارمەندان و پسپۆڕانی بەرنامەی ئیلیوس(HELIOS)لە سەنتەرەکانی تێکەڵبون یان لەر ڕێی پەیوەنیکردنەوە بە پێی پێویست کە ڕێزلێگیراوە لەلایەن کارمەندانی هیلیۆسەوە بۆ ئەوەی کە سوودمەندبووان جەندێك پێویستیانە هاریکاری بکرێن لە لایەن کارمەندانی بەرنامەی هیلیۆس(HELIOS)، لەکاتی ئەو کۆبوونەوەو جاوپیکەوتنانەدا ،سوودمەندبووان ئەتوانن ئەو کێشانە کە ڕووبەڕوویان ئەبێتەوە لە کۆمەڵگا باسی بکەن وە دوایان لێدکرێت بە شێوەیەکی گشتی هاریکاریەکانی ئەم بەرنامەیە تا جی ڕادەیەك یاریدەدەریان بووە بۆ تێکەڵبوونیان وە جاوکراوەییان لە کۆمەڵگا

Funded by the Asylum, Migration and Integration Fund of the European Union

## بێبەش کردنی سوودمەندبوان لە خزمەتەکانی هلیوس لە کاتی دروستکردنی کێشەی گەورە امنی

بە خێرایی دەست دەکرێت بە دوورخستنەوەی لە پروژە هیلیۆس و بێبەش کردنی لە هەموو ئەو مافو خزمەتانەی کە لە پروژە دەستدەکەوێ ، کارمەندانی پروژەی هیلیۆس ئامادەیی یارمەتی دانی سودمندەکانە کە لە پروژە هلیوس سودمەندن و ئەوش پێویستی بە هاریکاری هەر دوو لا و هەماهەنگی هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باش .

زانیاری زیاتر لە بەرنامەی هیلیۆس ئەتوانیت یەکسەر پەیوەدیمان پێوە بکەیت

- **iom_helios_info@iom.int. لە ڕێگەی ئەم ئیمێڵەوە**
- لە کاتژمێر ٩ سەر لە بەیانی هەتا ٣ پاش نیوەڕۆیاخود لە ڕێگەی WhatsApp واتساپ

**یوەندیمان پێوەبکەن :**

سۆرانی،کرمانجی،تورکی **+30 690 695 6107** -- عەرەبی **+ 30 690 665 6134**

- ئنگلیزی-یونانی،فەڕەنسی **+30 690 986 8980** پاشتۆ-فارسی،ئوردو،هندی،بەنجابی **+30 690 665 6125**

بەرپرسیارێتی : لە حاڵەتی لە یەکنەچونی پەڕاوی ئینگلیزی لە پەڕاوە وەرگێردراوەکان بۆ زمانەکانی تر ئەوا بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە یان پەڕاوە ئینگلیزیەکە کەڕەسمیە